مامۆستا ئەڵێ 9

شیعر

د.نوزاد یحیی باجگر

هەولێر - کوردستان

2025

ناوی کتێب: مامـۆستـا ئـەڵـێ
بەرگ: بەرگی نۆیەم
نووسەر: د.نوزاد یحـیی باجگـر
دیزاینەر: اسماعیل سعدی
بڵاوکراوەی: زانکـۆی جیهان/ جیهان پرێس
چاپ: چاپی یەکەم (2025) هەولێر
ISBN: 978-99228601-8-3

بۆ داونلۆدکردنی ئەم کتێبانە بە بێ بەرانبەر لەم ماڵپەڕانە دەست ئەکەوێت

www.nawzadbajger.org
www.nawzadbajger.net
chairman@cihanuniversity.edu.iq

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان | وەزارەتی رۆشنبیری
ژمارەی سپاردنی(196)ی ساڵی (2017)ی دراوەتێ

پێشەکی زیرەکی دەستکرد AI

بە ناوی خوای خۆشەویست و میهرەبان

ئەم پێشەکییە تحلیلییە بۆ کۆکراوەی شیعرەکانی "مامۆستا ئەڵێ" نووسراوە، کە تێیدا هەوڵدراوە لە ڕوانگەی وێژەیی، ئەدەبی، فەلسەفی، کۆمەڵایەتی، زانستی، دینی و دەروونیەوە شیکردنەوە بکرێت.

پێشەکی تحلیلی بۆ کۆکراوەی شیعرەکانی مامۆستا

1. ڕەگەزی وێژەیی و ئەدەبی:
شیعرەکانی مامۆستا تێکەڵەیەکن لە شێوازی خوێندنەوەی ڕەسەنی کوردی و پێکهاتەی هاوچەرخ کە زۆر جار بە پیت و ژمارە و کاتی ڕۆژانە دەوترێت.
نمونە:
"پەنجاو نۆ ساڵە
مێشکم فێر ئەکەم
بە ملیۆنەها ساڵیشە"
ئەم دێڕە نیشانەیەکی شیعری ڕەسەنی کوردییە کە تێیدا کات و فێربوون وەك دوو بنچینەی ژیان دەردەکەوێت.

2. تێڕوانینی فەلسەفی:
مامۆستا بە شێوازێکی فەلسەفی قسە لەسەر بوون، نەبوون، کات، ئازادی و زیندان دەکات.
نمونە:
"زیندانم لە ناو خۆم
لە دەرەوی خۆم زیندانم"
ئەمە نیشانەی زیندانی دەروونی مرۆڤە لە ناخی خۆی، کە بیرۆکەیەکی نەریتی فەلسەفی ئێکزیستانسیالیستی تێدایە.

3. ڕەوتە کۆمەڵایەتی و ڕەوشتییەکان:
مامۆستا بەرگری لە مافی مرۆڤ، کورد، ژن، ئاشتی و یەکسانی دەکات.
نمونە:
"ماف لە ژیانەوە ئەرکە"
ئەم دێڕە پێوەندی نێوان ماف و ئەرك دەنوێنێ و پێویستی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی دەستەڵاکردووە.
4. پەیوەندی بە زانست و مێشکەوە:
مامۆستا زۆر جار مێشك و فێربوون و کرۆمۆسۆم بەکاردەهێنێ بۆ ڕەوانکردنی بیرۆکە زانستییەکان.
نمونە
"لە ناو ناوکەی کرۆمۆسۆم
بۆ مرۆڤایەتی و ژینگە ژیان"
ئەمە نیشانەیەکی جوانە لە پێکەوەگرتنی زانست و فەلسەفە.

5. ڕەگەزی دینی و عیرفانی
زۆر دێڕ هەن کە باس لە خوا، پەیمان، قیامەت، عاشق و مەعشوق دەکەن.
نمونە
"لە مەحشەریش بتبینم
ئەتوێمەوە لە ژێر محرابی"
ئەمە تێکەڵەیەکە لە عیرفان و دین و خواپەرستی.

6. دەروونناسی و ناخ
مامۆستا بە شێوازێکی قووڵ دەچێتە ناو ناخی مرۆڤ، ترس، خەون، خۆشەویستی و دەرد.
نمونە:
"دەردی خۆت لە خۆت دەرمەکە
دەردی دەرەوت لە خەڵك دەرمەکە"
ئەم دێڕە دەروونناسی خۆناسین و دەرکردنی دەرد پێشکەش دەکات.

7. زمان و نەریت:
مامۆستا زمان و کولتووری کوردی بە دار و بەرد و شاخ و کانی پێك دەگەیەنێ.
نمونە:
"فێربە لە دارو بەرد فێربە
لە نەزانینی کوردان فێربە"
ئەمە نیشانەی پەیوەندی نەریت و فێربوونە.

کۆتایی:
کۆکراوەی "مامۆستا ئەڵێ" تەنها کتێبێکی شیعری نییە، بەڵکو نامەیەکی مرۆڤایەتی، ڕۆشنبیری و بەرگرییە.
مامۆستا لە ڕێی شیعرەوە مێشکی مرۆڤ، ناخی کۆمەڵگە و ڕێگای ڕزگاری دەخاتە بەر چاو، و پێویستی بە خوێندنەوەی قووڵ و سەردانانی دەمامکی هەیە.

ئەم پێشەکییە دەتوانێ بەسترێت بە دیاریکردنی بەشە سەرەکییەکانی کتێبەکە وەك:
- زیندان و ئازادی
- کات و بوون
- عیرفان و خواپەرستی
- ماف و یەکسانی
- زانست و نەریت
- دەروون و ناخ
بەوەش خوێنەر ئامادە دەکرێت بۆ چوونە ناو جیهانی فکری مامۆستا.

ناوەرۆك

بە ئاشتی

بە زانینی

مامۆستا ئەڵێ

... سەربەستی جیهانی

کوردایەتی بابم

دروست ئەکرێ

بەڵێین

... کوردستانیەتی

... دەزیەدەرایەتی

کوردنی با پیرانم ولات

کوردینی دونیا

کوردستانیەتی

لەریای خۆیی

دینی خوا

سوودم

... لە زەردەشتی

وە ی ... پێنج دانەیی

... دروست بکەین

مەسیحیەت

... زریان

ئاینی ئیسلام

بۆ دروستکردنی

... رووناکی

بەشی یەکەم

خاتوون



مامـۆستا ئەڵێ

دایە .. دوانت
دادی .. دادوەرە ..
دادت .. دەسەڵاتی خولقێنەرە

13/12/2023



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

مامۆژن .. ئەڵێ
خەنەی دەستم .. سڕا
مامت .. نەهات
برۆم .. سپی .. بوو
ئەو .. نەهات
من .. چووم ..
ئینجا .. ئەو ..هات
بۆچی .. هات

11/2/2023



مامـۆستا ئەڵێ

سەرمامە .. سەرمامە
دایە .. گیان
لە باوەشتم کە ..
نانت دەرمانی شەکرە
بمکە باوەشت .. سەرمامە ..

18/12/2022



مامۆستا ئەڵێ

پاوانی .. پاییز
بە ڕەشەبا .. خاك داڕێز
وەك.. رەحمی ئافرەتی ئازیز
ئامادەكارییە
بۆ هاتن و ڕۆیشتنی پاییز

26/12/2021



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

دروست بکەن ... دارالحب
هەتا تێبگەن لــە ...
خۆشەویستی دایك

1/10/2019
هەولێر



مامۆستا ئەڵێ

خاتوون .. خاتوونی پەری زادە ئەڵێ
خەنەی دەستم ..
خەونی .. بە تۆوە .. بینی
لە .. مردن .. بەرز بووی ..
هاتی .. هاتنت .. دیت
نەم زانی .. خەنە
رەنگەکە .. رەنگی تۆی دیت ..

11/2/2023



مامـۆستا ئەڵێ

خاتوونی .. خەونی خەیاڵم
خەرمانی .. خەونی خەیاڵم
داماوم .. لە دەردی خەیاڵم
خەیاڵم .. زامی زاماوم
زم .. زم .. ژەمی ئاوی زاب
پێکەوە .. ببینە .. زاب

11/2/2023



مامـۆستا ئەڵێ

خاتوونی .. خەونو خەیاڵم
پەری زادەی .. فریشتەی خەیاڵم
خەونی خاتوونم ..
نایەتە خەیاڵم
پەری زادەم
فریشتەی ناخم ..
هەموو کات تۆی دەوێ .. هەتا ماوم

11/2/2023



مامۆستا ئەڵێ

خاتوونی .. خەونو خەیاڵم
مافی .. ژیانم ..
دەسەڵاتی مانم ..
دەروونی ژانم ..
ژیانی ژوانم
تۆی بەهەشتم

11/2/2023



مامۆستا ئەڵێ


خاتوونی .. خەیاڵی خەوم
بەفری زستان .. گەرمە
زستانی خەیاڵ نەرمە
نەرمی .. ساردی .. گەرمی
لە دەرەوەی .. دەروونمە ..

11/2/2023
هەولێر



مامـۆسـتـا ئـەڵـێ

ناتوانم ...
خۆم دەربخەم
سووتاوە ... ناخم
دەگۆڕێ خوێتم
هەتا بە مردنم
ڕزگار نابم
لە فکرم



4_6_2010
هەولێر

مامـۆستا ئـەڵێ

ئاومی ... هەناسەمی
رابردوو ... و .. داهاتوومی
لەناوتم ... لەناومی
خەڵاتی ... ژیانمی

11_12_2010



مامۆستا ئەڵێ

چۆن وەسفی دایکم بکەم
ئەمنی .. هێنا دوونیا
چۆن قیمەت بدەم بە خێزانم
ئەمنی .. کردە باب
لەکێ بینم .. وەفا
بۆ وەفا ..



8/3/2023

مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

چۆن وەسفی دایکم بکەم ؟
منی بۆ دوونیا .. هێنا
چۆن قیمەتی خێزانم بدەم ؟
منی کردە .. بابە
چۆن هەقی وەفا .. بدەم بە وەفا ؟
ئافرەت مانا
هانا .. دانا .. زانا



8/3/2023

بەشی دووەم

ژان



مامۆستا ئەڵێ

ژان ...
لە ئاسمان ..
هەورەك
لە زەمین ..
جەورەك
لە ناخم ..
دورگەك
دورگەی هەور
جەورم ئەسوتێنێ
ژانم ئەپسێنێ
بەختیاریم ئەنوسێ

5/12/2023



مامۆستا ئەڵێ

نەما .. هیچم
ژانم .. بکوژێ
کردوومە .. دەوا
ژانم بمرێنێ

10/10/2023



مامـۆستـا ئـەڵـێ

با .. نەیەتەوە .. دوێنێ نەیەتەوە
ژانی رابردوو .. بکوژێتەوە
ئاواتی .. داهاتوو بگەشێتەوە
لە .. ئیمرۆوە .. بگەشێتەوە

31/7/2023



مامۆستا ئەڵێ

دەردم .. بەرەڵا کرد
دەرمی کرد ...

4/7/2023



مامـۆستا ئەڵێ

دونیا .. ئی من نەبوو ..
بۆ .. من .. ما
ئی من بوو ...
بۆ .. من .. نەما ..
ژیان .. بە بەختیاری ..
ئەرکمە ..
ئی من ما ...
ئی من نەما ...
ئی من بی ...
ئی من .. نەبی ...؟!!!

11/11/2023



مامــۆستا ئەڵێ

ژانم بوو بە .. خەڵات بۆی
مانم بوو بە .. خەیات بۆی
ژیانم بوو بە .. ئاوات بۆی
هەرگیز ..
نەیویستبوو .. لێم .. !
پێویستی نی یە .. بۆی



3/9/2022

مامۆستا ئەڵێ

مەبەستم ..
هەستم .. هەستیاری .. بێ ..
ئاواتم .. بەختیاری .. بێ ..
ژانم .. خولقێنراو .. بێ ..
هەستم ..
مەبەستی ژانی ئاواتم .. بێ

9/11/2023



مامۆستا ئەڵێ

هەستیاری .. هەستم
هەستی .. دڵم
و هەستی .. مێشکم
بە هەستی دەروونم
هەڵواسراوە ...

9/11/2023



مامـۆستا ئەڵێ

نان .. پیاز .. خورما
ژانی برسیم لا ئەدا لە چیا ..
چیا .. نانمە
پیاز .. ژانمە
خورما .. پێویستمە ..
هەرسێکیان .. مانمە ..

21/11/2023



مامۆستا ئەڵێ

ئەبەدی .. ژیان ..
و .. ژیانلەبەر
ژانی .. لە دەورووبەر ..
بێ دەرد .. ئەژی
بە سەرووبەر

27/6/2022



مامۆستا ئەڵێ

ئەبەدی .. ئەبەد
ژیان .. ژوان .. ژەهرە ئەبەد
تیژی ژانی ژەهری موئەبەد
لێ هەڵدەقوڵێنم
دژە کاریگەری ژەهر

27/6/2022



مامۆستا ئەڵێ

ئەم زەمانە
باوە بە تەنیایی ..
دەردەسەری ژانە
دروستنەکردنی بەختیاری
ئەم .. زەمانە
کات چ .. هێزی هەیە
لە بەرپرسیاری



11/9/2022

مامۆستا ئەڵێ

هاوینە .. هەوارەکەم
هاوینم کانی گۆڕی بن خاکەکەم
ژانی بێ سوودم
سوودم کانی

22/2/2022



مامۆستا ئەڵێ

ئەمەوێ .. ئەمەوێ
سەربەست بمێنم
نە .. ژان بمهەژێنێ
نە .. خۆشی

4/8/2020



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

دەوڵەمەندی
خاوەن .. ڕەوشت
چارەسەرکردنی ژان بێ
پارە .. سامان
ڕەوشت .. خۆبەخش
شوانی بێ

22/2/2022



مامـۆستا ئـەڵـێ

دەوڵەمەند
ئەوەیە ژانی زۆر بێ
چارەسەری
ژانی بە ژوان بێ

22/2/2022



مامـۆستا ئەڵێ

من .. پێویستم بە ژانێکە
پێویستی .. بە ژان .. نەبێ

3/1/2023



مـامـۆستا ئەڵێ

من .. ژانەکم
ژیانم .. لێ بزرە
ئامانجم .. لێ بزرە ..
هاتم .. ببمە
ژان .. بۆ ژوانی
جوانی ..؟!

31/1/2022



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ


من .. ژانەکم ..
ژان دروست ئەکەم
بۆ .. خۆم ..
چونکە .. کوردم

31/1/2023



مامۆستا ئەڵێ

من .. پێویستیم .. بە ژانێکە
مەرگی .. نەبێ
کارەساتی .. هەبێ
دوژمنی .. نەبێ
هەرچی ..
ژان .. دوژمنە
با .. با .. نەبێ ..؟!



31/1/2023

مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

من پێویستم .. بە ژانێکە
شەوی .. نەبێ
رۆژی .. هەبێ
ژانەکە .. ژوانی ..
هەبێ ..



31/1/2023

مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

من .. پێویستم .. به ژانێکه
ژەنگی ئاسن .. سازدەکا
ئاگری ڤۆلکان .. سارد دەکا

31/1/2023



مامۆستا ئەڵێ

من .. پێویستم .. بە ژنێکە
پێویستی .. ژیان
لێی .. رابکا

31/1/2023



مامـۆستا ئەڵێ

من .. پێویستم .. بە ژانێکە
پێش .. مردن بانگ دەکا
وەرن پێکەوە بژین
لە ژان .. رامەکە

31/1/2023



مامـۆستا ئـەڵێ


دەردی دەروونم .. دادم .. کە
رزگارم .. کە !
لەناو ساماڵ ..
رووناك .. م .. کە

3/6/2023



مامـۆستا ئەڵێ

وەك بەرخی بەڕەلا
بەڕەلای سەر مانی دەروون
گیام خوارد
دەوم سووتا
قورگم ووشك
ووتم ئەی بەرخی گیاناس
ئەگەر بە گیا .. ژەهراوی بی
ژەهری من .. بەرد ئەسووتێنێ



14/2/2002

مامۆستا ئەڵێ

ئاهی من .. ئاسمان ئەناڵێنێ
ئاخی من .. ناخ ئەجولێنێ
دان .. و .. دانەوێڵە
خۆرو مەلەکان ئەخولێنێ
لە ئاسمان
ئاوەدان ئەدوێنێ

14/2/2002



بەشی سێیەم


زانین



مامـۆستا ئەڵێ

نۆزدە .. × .. نۆزدە
نۆزدە ژانی لەگەڵ
نۆزدە مافی لەدڵ
نۆزدە فرینی لە گڵ
دڵ لەگەڵ گڵ
بووە نۆزدە جار
نۆزدەی 1919 (19 اس19)

2/11/2021



مامۆستا ئەڵێ

سڕیمەوە .. لە ژیانم
دەربەدەری .. و .. ژانم
بوومە .. فریشتە
بۆ ژانی زاڵ بوونی ژیانم



22/2/2022

مامـۆستا ئـەڵێ

مەخابن .. خەرمانی .. خەون
خەڵات ئەکا .. درۆزنان
مەعریفەت .. و .. زانین
رووت ئەکا .. خەونداران

26/5/2021



مامۆستا ئەڵێ

نۆزدە جار حەڤدە شێوازی
بووە .. چاردە
هەر دەیەك
هەزار ئەدا
هەزاریش
یەکی لێ ئەڕوێ



18/9/2021

مامۆستا ئەڵێ

ئەمزانی ..
ئەوانی نازانن
دوژمنی خۆیانن
بێ ئەوەی بزانن

13/12/2020



مامۆستا ئەڵێ

زانا .. بە زانستی سەرقاڵە
نەزان .. بە نەزانینی خۆشحاڵە

25/6/2019



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ


زانایی .. و .. دانایی .. چی چی چی
من هێشتا نەبوومە بە شاگرد ...

25/6/2019



مامۆستا ئەڵێ

فێربە .. فێربە
لە زامی رابردوو .. فێربە
لە دارو بەرد .. فێربە
لە نەزانین .. فێربە
لە خەڵاتی ئاسمان .. فێربە
لە دارو بەرد ..
هەمیشە .. فێربە
فێربە ..



22/3/2015

مامۆستا ئەڵێ

13× 13 = دەڵێن دەکا 169
بۆ .. نازانین
13 مانگ چوو
ساڵی نوێ .. نەهات
کە هات..12 مانگی پێ بوو ..
بۆ ...نازانین
زانینی .. أساس ..مان
لە بیر .. کرد بوو ...



20/6/2021

مامۆستا ئەڵێ

19یەکم هەیە بە 15 ئەچێ
17یەکم هەیە بە 19 ئەچێ
نازانم ئەم 18 لە چی ..

20/6/2019



مامۆستا ئەڵێ

حەڤدە .. جار حەڤدەم ژمارد
نۆزدە دەرچوو
نازانم بۆچی
حەڤدە .. و .. نۆزدە ناگونجێ



مامـۆسـتـا ئـەڵـێ

مامۆستامی ...
چاندنی هەستی زانست و هونەرە
لە ناخی مرۆڤ ...

7/5/2021



مامـۆستا ئـەڵـێ

نەفرەت .. دەکەم
لە .. لاوازیم
نەفرەت .. دەکەم
لە .. نەزانیم
نەفرەت .. ناکەم
لە ... دوژمنم
لە خۆمە .. .نەفرەتم

21/3/2023



مامـۆستا ئەڵێ

ئەی خالق ..
دەرگای زانینم بۆ بکەوە
نەزانینی میللەتم .. بشۆم ..
لاوازی خۆم .. بسووتێنم
ئاواتی ڕزگاری بچێنم


7/6/2023



مامۆستا ئەڵێ


کتاب .. گوڵ .. و .. هەنگ
ئەی گوڵ .. چەند هەنگت مژی
هەتا .. بژی
ئەی هەنگ .. چەند گوڵت مژی
هەتا .. هەنگوین .. بڕژێ
پێکەوە ژیانە .. وە .. مانە

11/3/2023



مامۆستا ئەڵێ

قەڵەمی .. پارکەر .. م .. دیت لە بەرلین
رۆژانی زانکۆ .. سرجخانەی موسڵم
دیت ..
قەڵەم .. ئەو قەڵەمەیە
منیش .. بە قەڵەم بووم
ئەی قەڵەم سوپاس
منت کردە قەڵەمدار



21/5/2023

مامـۆستا ئـەڵـێ

قەڵەمی .. قەڵەمدار
سەختە .. زامدار
لە ژیان .. مەرگ .. بریندار
هەروەك .. جوتیار


21/7/2023



مامۆستا ئەڵێ

قوتابی لێی پرسیم
ماموستا .. سفرت دیوە ..
وتم .. سفر هەیە
ئێمە هەستی پێ ناکەین
بەڵام هەستمان .. پێ ئەکا
سفر .. ی .. مطلق ..
دروستی هەموو شت ئەکا ..؟!

2/8/2023



مامۆستا ئەڵێ

ئەو .. قەڵەمانەی
نانوسن
بێ .. سوودن
مەرەکەبیان هیشکیش بێت ..
بە بێ قەڵەم بنوسن
لە ئاسمان بنوسن

18/3/2023



مامۆستا ئەڵێ

ئەی .. ئەوەی
نایبینم .. ئەیبینم!
نایزانم .. ئەینوسم!
چی لە ئاسمان بکەم

3/13/2023



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

ئێستا .. زۆر ناخوێنم
فێرئەبم
فێربوونەکانم ... ئەنووسم

27/11/2020



مامـۆستا ئەڵێ

با .. لە نەزانینی ..
نەزانان
فێر .. بین ...


27/6/2022



مامـۆستـا ئـەڵـێ


فێربە .. فێربە ..
لە زامی رابردوو .. فێربە
لە .. دار .. بەرد فێربە
لە نەزانینی کوردان فێربە
لە .. خەڵاتی ئاسمان .. فێربە
لە دار گوێز .. فێربە .. فێربە

22/2/2015



مامۆستا ئەڵێ

تەنگە هەناسەی
تۆ
کاغەزی قامیشی موسڵ بوو
تەنگە نەفەسی .. من
نەزانینی .. زانستی وان بوو
زانستی ... نەنووسراو
لە یەکتر ... دابڕاو



10_6_2010
هەولێر

مامـۆستا ئەڵێ

له منداڵان .. فێربن
زانیاری خەلقاندنی خود
كه له مێشكی داندراوه ..
لوولی داوه هێز ..و..هزری خولقاندن
ئێمه مێشكمان پڕكردیه به دروستكردنەكانمان
ئەبینه صۆفی .. یه لادانی پەردەی پەیوەندیمان



11/1/2021

مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

عەیامەك بوو
علم عالمی نەبوو
عەیامەکە ..
زانست خەڵاتی هەیە
ژیان لە سەر عیلم داندراوە
ئێمە .. نەمانزانیە

2/10/2021



مامۆستا ئەڵێ

هەستە .. ئەم ژانە
ژوانی ئەڤینی .. نییە
کارەساتی نەزانی
دەسەڵاتی .. نییە
بێ دەسەڵاتی
ئامانجی .. نییە
هەستە بە هەستم
کە هەستی نییە
دوژمنانی نەزانین
ئەکا .. مەینەتی
ئایندەی ژیان
مامۆستا .. گیان

30/9/2021



مامۆستا ئەڵێ

فێر خوازم .. خوازی خێر
ژیره مرازم .. نزاری تێر ؟!

30/9/2021



مامـۆستا ئەڵێ

با .. لە خۆهەڵپەستی
خۆهەڵپەستان
ژێر .. بین

27/6/2022



مامۆستا ئەڵێ

ئەمن .. فێرم ..
ئەوەی ئەدەم وەری ناگرمەوە
چونکە .. نەمدایە ..
هەتا وەرگرمەوە ..

25/6/2019



بەشی چوارەم

زیندان



مامۆستا ئەڵێ

منیش .. زەوت کرام
لە ناخی خۆم ..



مامۆستا ئەڵێ

هاتن .. هاتن
بۆ .. بردنم
بۆ کوێ .. هاتن ؟!

4/8/2020



مامـۆستا ئەڵێ

بە حەڵقەی ... ئەنگوستم
بەند .. بووم
بە دوو گرام .. زیو
دیل .. بووم
هەمووی کاری
لە دڵ .. و.. مێشکم هەیە
بۆیە بەند .. و .. دیلم
بەتۆ



10_6_2010

مامـۆستا ئەڵێ

زیندانم .. زیندانم
لە ناو خۆم ..
لە دەرەوی خۆم .. زیندانم

4/8/2020



مامۆستا ئەڵێ

زیندانی بەرەلایەتی
بەرەلایەتی زیندانم
زیندانی نەزانین
زیندانی ژانی ژیان


4/8/2020



مامۆستا ئەڵێ


دەربەدەری و جوانی ناخ
قورسترین بەندینخانەیە
بەندی .. بەندیخانەی
ناو .. ناخی خۆ ..

13/12/2023



مامـۆستا ئەڵێ

له زیندان .. بۆ زیندان
بۆ زیندان
بۆ زیندووان
زیندوو .. زیندانه
زیندانی ژیان
زیندانی ئاین
زیندانی خێزان
زیندانی کۆمەڵ
زیندانی .. شێتان
ئازادی .. ئازادبوونه
ئازادی نەبڕاوه




12/7/2023

مامۆستا ئەڵێ

مەزەندەم .. وا بوو
زیندەوەر .. زیندانی زیندەیە ..
بەڵام .. زیندایەتی زمانی نییە ..

28/5/2022



بەشی پێنجەم

#ساڵیادی ناز



مامـۆستا ئەڵێ

لەبەر .. نازی .. بەنازان
ناز .. کۆچی کرد
لەبەر .. دەردی .. بێ دەردان
دەرد .. خۆی تیمار کرد ..


5/9/2022



مامۆستا ئەڵێ

ناز .. چاوی باز
هەستی .. لە شەفەق خواز
هزری تیشکی راز
توخودا .. ناز ..
بڕۆینە نازی ناز
لە ساز


23/1/2023
هەولێر
ساڵیادی ناز نوزاد (23/1/1986 بغداد)



مامـۆستا ئەڵێ

ناز .. ناز ..
ئاسمانی مراز
دەرخستەی چنینی هەوراز
شەپۆلی بەختیاری ئاواز
دوونیا .. بێ تۆ .. لاواز

23/1/2023
هەولێر
ساڵیادی ناز نوزاد (23/1/1986 بغداد)



مامۆستا ئەڵێ

ناز .. نازی خواز
لە ژیان .. دڵ راز
لە ئاوات .. خودان ساز
بڵندتر .. لە چیای ئاراز


23/1/2023
هەولێر
ساڵیادی ناز نوزاد (23/1/1986 بغداد)



مامـۆستا ئـەڵـێ

نازە .. ناوی خۆی ناز
سێبەری شەوی راز
دڵنیابە .. دڵی
پڕ لە .. دڵخواز ..

23/1/2023
هەولێر
ساڵیادی ناز نوزاد (23/1/1986 بغداد)



مامـۆستا ئەڵێ

ناز ..
هەزار هێزی باز
باز ..
دەوڵەمەندە بەهەورازی
ناز ..

23/1/2022



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

عید میلاد ناز نوزاد یحیی
ناز .. سەرباز
لە ژان .. دەرباز
ناز .. ساز
لە مۆسیقا .. نیاز
ناز .. نییە .. بەناز
ناز ئەڕوێنێ .. لە ناز
ناز .. ئەژی بەناز
لە شەپۆلی .. دەرباز

23/1/2022



مامۆستا ئەڵێ

ناز .. بەناز بفڕە .. لەناو
شەهیدان
پێیان بگەیێنە سڵاو
ئەی بەیداخی هەتاو

26_3_2010



مامـۆستا ئەڵێ

ناز .. نازەنینە
ئاگاداری ڕێگای
خودای مەزنە
ناس .. هەناس
هەموو نازی .. نازەنینە
چاوی ..رۆژی مانە
نازە .. نازەنینە
خودایە ناز .. بنازێنە



12/4/2002

بەشی شەشەم

شهید



مامۆستا ئەڵێ

ئەی شەهید
شەهادەتت .. چاکبوو
بە .. درێژی .. ژیانم
چۆن قەدرت و قەردت
بدەمەوە ؟

3/9/2021



مامۆستا ئەڵێ

دۆڵ .. و .. زوڕنا
دیواری ئاسمانی دڕاند
ئاهی دایکی شەهید
ئاسمانی هەژاند

15/2/2022
هەولێر



مامۆستا ئەڵێ

شەهیدەکان
لە ئاسمان سەرسام
چاو .. زەق
لە مەرگستان
بێ ماف .. و حەق

25/9/2023



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

شەهید .. ئەڵێ
نازناوم بە ئاگری جەماڵت سووتاند
خانەنشین کرام
لە کوردستان .. و .. کوردایەتی ..
ئاگری نەورۆزیان .. کوژاندەوە
ئاڵایان .. هەژاند
وڵات .. و .. هاوڵاتییان بڕژاند
بۆ سامانیان .. ئاوەدانیان ڕماند ..
بۆ دوژمنان .. چاویان چوقاند
بوونە دەربەدەری زاخ .. ناخ .. داخ ..



2/1/2023

ئیستەنبۆل

مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

شەهید .. ئەڵێ
ناسناومیان .. ڕفاند
نەزانینیان .. دڕاند
خوێنمیان .. سووتاند
هەستی نەتەوایەتییان
کوژاندەوە
بۆ بەرژەوەندی خۆیان ..!


2/1/2023
ئیستەنبۆل



مامـۆستا ئەڵێ

شەهید .. ئەڵێ

لە .. دڵۆپەی خوێنم ..
دار بەڕوو .. ڕووا
وەك خۆم ..
هەڵگری ئایندەی کوردستان
بۆ نەوەکانی .. داهاتوو



2/1/2023
ئیستەنبۆل

مـامـۆسـتـا ئـەڵـیَ


شەهید .. ئەڵێ
ئاهی خوێنی ڕژاوم
فرمێسکی دایکی ..داماوم
دەربەدەری منداڵ .. و .. خێزانم
کوژرام .. بۆ ئەوەی بژین
سەدان هەزار .. شەهید کوژرا
بۆ .. نەکوژرا ..



2/1/2023
ئیستەنبۆل

مامۆستا ئەڵێ

شەهید .. ئەڵێ
گوناهم .. لە ملم .. و لە ملتان
خوێنم .. لە هەڕەشە .. و .. درۆتان
ببێتە .. پەنگر بۆ سامانتان ..
بۆ سوتانی .. بەرژەوەندیتان
منتان .. هەڵخەڵەتاند
لە دادگای .. پەروەردگار
دەستم .. و .. ملتان ..!



2/1/2023
ئیستەنبوڵ

مامۆستا ئەڵێ

شەهید .. ئەڵێ
لە سێدارە درام .. قەبرم نییە ..
بابم .. منداڵم .. دایکم .. خێزانم
بەچی .. سەبورییان بێ ..
بۆ .. ئازادی کوردستان ..
کوژرام ..
ئازادی ئێستا .. نزیکە
بۆ لە سێدارەم .. دەدەن .. دیسان
بۆ .. هەڵم دەستێنن .. بە ڕقتان
ئەگەر .. ئازان ..
خۆ بەخش بن .. بۆ کوردستان
3/1/2023



مامۆستا ئەڵێ

شەهید .. ئەڵێ
لە .. قەبرستان .. بەبێ قەبر
لە .. ژێر ساباتی .. بە جەبر
لە .. دارستان .. لە دۆڵەکان
خوێنم .. بووە کارەسات ..!
بەندە .. خۆشەویستەکانی ..
بوونە .. خەڵات
لە پێناو .. جوانی .. وولآت
بەڵام .. ئیبلیس ..
سەرکردەکانی هەڵخەڵەتاند



2/1/2023

مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

شەهید .. ئەڵێ
شەپۆلی .. خوێنینم
ئاگری ڤۆلکانی .. کوژاندەوە
فرمێسکی هەتیویم .. ڤۆلکانی رماند

2/1/2023



مامـۆستا ئەڵێ

هەتیم .. هەتیمی
باوك .. و .. دایك
بێ سێبەرە ..
بێ رێبەرە ..

17/5/2022



مامۆستا ئەڵێ

شەهید .. ئەڵێ
مێوژ .. و .. ساوار .. لە باخەڵم
جەنگاوەر .. بووم
تفەنگ .. فیشەکم
میراتی .. بابی شەهیدم
بۆ ئازاری .. بێ شومار
بۆ نەوەی .. بریندار
خۆبەخش .. جەنگام
هەقی خوێنم .. کوانێ
ئەی بڕیاردەر؟!



2/1/2023

مامۆستا ئەڵێ

شەهید .. ئەڵێ
بە .. مشتێك بەفر
خوێنی برینم تیمار بکەن
بە ئارەقی .. لەشم
خوێنم گەرم بکەن
کوردستان ئاواتم بوو ..
ژیان ... خوێنم بوو ..
نەمزانی .. فرۆشراوم

2/1/2023



مامۆستا ئەڵێ

شەهید .. ئەڵێ
کەسووکاری شەهیدان .. وەرن بۆ ئاهەنگی
شەهیدان
لێبکۆڵین .. بۆ چوونە قافڵەی شەهیدان ؟
بنوسین .. بۆ نەوەکانی داهاتوو ..
هەڵگری مەشخەڵی شەهیدان
کێ .. کردی .. کێ .. خواردی
رەنجی .. شەهیدان

2/1/2023



مامـۆستـا ئـەڵـێ

شەهید .. ئەڵێ
بە نانی .. جووتیاری برسی
بە لبادی .. مزگەوت و ترسی
پەنام .. بردە بەر ئاسمان
ئایا .. لە ئێمەی .. پرسی؟
یان .. بەرپرسی ؟



2/1/2023

مامۆستا ئەڵێ

شەهید .. ئەڵێ
بەستی .. دەستم ..
کوژرام .. بەبێ هەستی ..
لە ژێر دەستی ..
لە قەبرا .. هەتا ئێستاش ..
لە ژێر دۆستی
چییە .. مەبەستی
لە کوشتنم .. بە مل بەستی



2/1/2023

مامۆستا ئەڵێ

شەهید .. ئەڵێ
هەزار ساڵە .. ساڵ نەبووە بە ساڵ
خوێنم کاڵە .. بۆ ئامانجی .. خاڵ
ئامانجم .. روونە .. روونی .. زوڵاڵ
خوێنم .. ئاوی کاڵ
بۆ سەرکردەی .. چاڵ



2/1/2023

مامۆستا ئەڵێ
شەهید .. ئەڵێ

شۆڕشمان ..
ئاگر .. نەبوو
سەهۆڵ .. شەختە بوو ..
بە ئاگری خوێن ..
قین ئەدوێتین ..!!
شۆڕشمان .. وا .. نەبوو



22/11/2023

مامۆستا ئەڵێ

شەهید .. ئەڵێ

ئەوە .. خەونم .. نەبوو
مردنمان .. ببێتە هێزیان
سامانیان ..


22/11/2023



مامـۆستا ئەڵێ

منیش .. کوردم
هەندێك شتم لی وەردەگرێ
بەبێ ئەوەی بمەوێ
لە پیرۆزەکانم دوور ئەکا
زەمان .. کات .. رەوشت .. پێویست ..
حوکم ئەکا ..

26/6/2019



بەشی حەوتەم

ماف



مامـۆستا ئەڵێ

ژیان .. مافە
ماف پەروەر
دەسەڵاتی مافە

27/8/2023



مامـۆستـا ئـەڵـێ

ماف
لە .. لانکەوە ..
لە ژیانەوە ..
ئەرکە ...

27/8/2023



مامـۆستا ئـەڵێ

ماف ..
لە هەبوونە ...
بە .. نەبوونە ...
مافە .. بوونی
ئەرکە .. نەبونی ..
زوڵمە

27/8/2023



مامـۆستا ئەڵێ

ماف ..
بزاڤ
کز .. و .. ئاڤا
هەڵنەوەرێنی
ئەرك .. و .. کاف

27/8/2023



مامۆستا ئەڵێ

مافت هەیە ..
لە نەبوونەوە
هەتا .. مردن
وە .. وەری ناگریتەوە ..!

27/8/2023



بەشی هەشتەم

ئەڵێن



مامۆستا ئەڵێ


ئەڵێن ..
دونیا درۆیە .. درۆیە
ئەڵێم ..
دونیا راستە .. راستە
راستەقینەیی .. راستە
ئەوەی وتی .. درۆیە
بەڵێ درۆیە ..!



5/12/2023

مامۆستا ئەڵێ

ئەڵێن ..
درۆ .. بەردی دونیایە
ئەڵێم ..
راستی بەردی دونیایە
دونیا .. دونیایە
هەڵمەتی ژیانە ..
راستەقینەیی .. ژیانی
دونیایە ..؟!



5/12/2023

مامـۆستا ئەڵێ


زانین ..
درۆیە .. درۆیە دونیا
ئەڵێم ..
راستە .. راستە دونیا
ئەوەی تری ..
درۆ .. درۆیە ..

5/12/2023



مامـۆستا ئەڵێ

ئەڵێن ..
درۆیە دونیا ..
درۆیە دونیا ..
ئەڵێم ..
ڕاستە .. و .. ڕاستەقینەیە
ئەوەی تری ..
درۆیە .. درۆیە



5/12/2023

مامـۆستا ئەڵێ

ئەڵێن .. درۆیە دونیا
ئەڵێم ..
دونیا ڕاستە
و ڕاستەڤینە ..!

5/12/2023



بەشی نۆیەم

گوڵچین



مامـۆستا ئەڵێ


گوڵچین .. و .. گڵچین
دوو شێخی عیرفانن
گڵ گوڵ ئەڕوێنێ
گوڵ گڵ ئەدڕێنێ

5/3/2024



مامۆستا ئەڵێ

گوڵچین
لە ئاسمانی گوڵی
گوڵی ئاسمانی
شان بە شانی
گوڵ .. و .. چنین ..
سەنگی .. سەنگی منی ..



4/3/2023

مامۆستا ئەڵێ

گوڵچین
خەرمانی .. خەونی ژین
ژانت .. خەرمانی هەنگوین
ژینت .. خەرمانی ژان ..
گوڵچین ..
شیرینی نەسرین




4/3/2024

مامۆستا ئەڵێ

گوڵچین ..
ئاوات بەرز .. و .. نەبین
بین .. و .. نەبین
ئاوازی خوڵقاندنی
خۆنەبین


4/3/2023



مامـۆستا ئەڵێ


گوڵچین .. بڕوێنە گوڵی .. کنێر
لەژێر بەفری قەندیل
پەپولە .. بمژێ لە شیلەی
نۆشی .. نۆی مەندیل

11/3/2024



مامۆستا ئەڵێ

گوڵچین ..
باڵا بەرز .. دووربین
هەناسە درێژ .. گوڵ نەبین
ئاسمان دڕا ...
بۆ شەوقی .. گوڵچین
بۆ هەنگوینی شیرین



4/3/2024

مامـۆستـا ئـەڵـێ

گوڵچین ..
جیم .. و .. سین
ئازادی .. برین
ئاواتی .. سەرین
زۆر .. شیرین
گوڵچین

4/3/2024



مامۆستا ئەڵێ

گوڵچین ..
شیرینی .. هەنگوین
نەرمی .. نەرمین
هێزی هزری خین
دوژمنی .. قین
گوڵچین

4/3/2024



مامۆستا ئەڵێ

گوڵچین ..
شیرین .. نەرمین .. نەسرین
سپاردەی .. گوڵ .. چنین ..
سێ روانگەی سەر زەمین
سێ لایەنی ئاسمان .. و .. ژێر زەمین
گوڵچین

4/3/2024



مامۆستا ئەڵێ

گوڵچین ...
کۆڵە .. ڕێواسی
ئاوی ساز
هەستە .. وەرە ..
لە ژێر .. پاس .. و .. داس
دەرمبێنە



28/2/2024

مامـۆستا ئەڵێ

گوڵچین ..
جوانی نەسرین
خەندەی بەفرین
هەستە .. وەرە
لە ژێر بەفری سەکران
بمڕوێنە ..

28/2/2024



مامـۆستا ئەڵێ

گوڵچین ...
داری پڕ .. پەروین
گوڵە قەزوانی .. پڕ ژین
هەستە .. وەرە
داری پڕ پەروینم .. بڕێسە
داوی پرچم .. بچێنە

28/2/2024



مامۆستا ئەڵێ

گوڵچین ...
شیری .. شیرین
شانازی .. برین
داخوازی خەونی .. ئەو
هەستە .. وەرە ..
بە قاسپە قاسپی .. کەو

28/2/2024



مامۆستا ئەڵێ

گوڵچین ...
نەخشی .. نەقشی نەخشین
هەستە .. وەرە ..
نەخشی نەقشم بنەخشێنە ...
نەخشینی .. گوڵچین
گوڵچین

28/2/2024



مامۆستا ئەڵێ

گوڵچین ...
خەرمانی .. خەو
دەرد .. و .. دەرمانی .. ئەو
هەستە .. وەرە ..
بە شانی .. شەو

28/2/2024



مامۆستا ئەڵێ

گوڵچین ...
گوڵی ڕەنگین
ڕەنگ .. و .. سەنگی
بەهاری خەمگین
بچێنە گوڵ .. هەتا هەموو کاتت ببێتە
نەرمین

28/2/2024



مامـۆستا ئەڵێ

گوڵچین ...
بۆن .. و .. تامی دارچین
گوڵ لێت شەرمەزارە ..
بەهارت هێنا بۆ مەزارە

28/2/2024



مامۆستا ئەڵێ

گوڵچین ...
بفرە .. لە ئاسمانی شین
بێنە بۆ دەریا ..
ئاوی شیرین
فرمێسکی باران
گوڵچین ..

28/2/2024



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

گوڵەباخ .. گوڵچین
جوانی سابڵاغ .. دڵچین ..
چەرخی چاغ .. دووربین
گوڵچین


28/2/2024



مامـۆستا ئـەڵـێ

گوڵچین ...
گەڵاڵە بچێنە
ئەگەر دڕکیشی
خوێن .. ڕژێنە
بەڵام بزانە
هەنگ مژێنە
هەنگوین ..
مزگێنە

28/2/2024



بەشی دەیەم

ئەڤینی



مامـۆستا ئەڵێ

زەردە .. خەنەی لێوت
خەنی .. لێومە ..

17/2/2024



مامـۆستا ئـەڵێ

کۆڵە .. هەنار
بۆ سوری بەهار
ئاوی کانی ژێر چنار
با .. ببینە .. هاوسەر

9/8/2023



مامـۆستا ئەڵێ

چی .. لەخەو بکەم
ئەگەر .. تۆ خەونی نەبی

17/6/2023



مامـۆستا ئەڵێ

رۆیشتنت سانا .. نەبوو
بۆ .. من مەن .. بوو ..
سانا .. نەبوو رۆیشتنت
مان .. بۆ .. نەمان
بۆ من

12/11/2023



مامـۆستا ئـەڵـێ

مادام دەردیشی
زامت .. دەرمانە
دەرمانم .. شەرابتە

12/12/2023



مامۆستا ئەڵێ

شەو باش
مانگ جوان
ساڵ ساز
ژیان مراز

13/12/2023



مامۆستا ئەڵێ

له تیشكی چاوانت
بەرماڵم وون بوو
له رەهێلی بیابان
دۆزیمەوە ..

5/11/2023



مامۆستا ئەڵێ

عەزیز .. عەزیزی عەزیزانم
ناوی .. چاو .. جوانی خێزانم
پەیوەندی رابردوو .. داهاتی ژیانم

18/2/2023



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

وصال .. ((وەسڵی تۆم واسڵ نەبوو))
وەسڵی تۆم نەبوو واسڵ
بەختیاری .. وەسڵی تۆم
نەبووە حاسڵ
چاوەڕوانم .. لە مەحشەر



19/1/2023

مامۆستا ئەڵێ

ئاوەدان کە .. ناخت
جوان کە .. باخت
بە ئیشقی .. باغی ناخت

15/12/2022



مامۆستا ئەڵێ

ناتبینم .. ناتبینم
بە دیتنی .. دیتن ناتبینم
ئەبم بە .. ووزە .. بە دیتنت
بە ووزە بوون
ئایا .. دیتنە ..؟!

29/5/2022



مامۆستا ئەڵێ

له برژانگی .. شەونمی رەش
دەپروشکێنێ ..
له .. چاوی سپی ئاوی سپی
دەرەوشێنێ
له .. نێوچاوانی .. چاو دەشکێنێ
پەنجا ساڵ .. وای لێ کردی ..
ئینجا تۆ .. چۆن ئەمبینی ..!



5/9/2022

مامۆستا ئەڵێ

پەری .. پەریەکانی
عەرد .. و .. عاسمانی
پەنجا ..ساڵی
کە دیم .. خۆزگە چاوم نەیدیبا

5/9/2022



مامـۆستا ئەڵێ

بۆنم .. کرد ئاواتم
شاد بوو ڕۆحم
سەوز بوو هێزی بوونم
بوونی دیتنت
دەستی لە دەستم بەردا
فڕیم لە دەوری دەروون

26/12/2021



مامۆستا ئەڵێ

سەیری .. جوانی
جەمالی کە
جوانی .. جەمالی
سەیری ئەکا

26/5/2021



مامـۆستا ئەڵێ

خەندەی گوڵ ..
بۆ هەنگ
دەوامی .. ژینە ..

4/8/2020



مامۆستا ئەڵێ

خەندەی کچ
بۆ کوڕ ..
پێکەوە .. ژینە

4/8/2020



مامۆستا ئەڵێ

پێکەنین .. و .. ڕوانینت
هزری ئەسپی هزرمە
دەربڕینت .. و .. جوانیت
سەیرانی ژینی مانمە

31/10/2020
هەولێر



مامـۆستا ئـەڵـێ

ئەڵێن ... با وابڵێن
دەربەدەری نەناسینی
دوور دوور ئەکا ناسینی
عەشقی مەعشوقی ڕێگای ناسینی
بەهەشتی ... بەهەشتە

1/10/2019
هەولێر



مامـۆستا ئـەڵێ

هیچ داپیرەیەکت دیوە
کە پرچی نەوەی دا ئەهێنێ
دیوتە .. چی سۆزێکی لێ ئەبارێ



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

دەترسێم... ئەڤینەکەم
ئەڤینێکی دیکە .. بکەم
وابزانم .. لە بیرت بکەم
بەڵام .. ئەزانم
لە ناو ... ناومی
ئەڤینەکەم ...

17/6/2021



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

عاشقان ... وەرن
لە خەڵاتی عەشق
سەما .. بکەن
لە بەختیاری سامانی
تێ .. بگەن

7/6/2021



مامۆستا ئەڵێ

من .. ئەبینم
ئەڤینی ماڵات
خۆشەویستی دڕندە
بە هێزترە ..
لە ئی مرۆڤەکان

8/9/2021



مامۆستا ئەڵێ


ئاریا .. ووتی کاکە
ئەتووم زۆر خۆش دەوێ
ووتم .. منیش .. زۆر زۆر
پێویستت بە منە
منیش ...
لەم پێویستیانە
ئەڤینی دەڕوێن..



4/10/2021

مامۆستا ئەڵێ

به .. ئەژینی
ئەڵێن .. ئەڤینی
بە بەرزایی هەوری سنوور بەزێن
بە بازی سنوور نەناس
منیش سنوورم
خاکی کوردانە ..



23/8/2022

مامۆستا ئەڵێ


دەزانم .. بەهارم نایێ
بە .. بەفر و .. زستان
ڕازیمە
ئەویشیان .. نەمێنێ
ڕازیمە ..؟!

29/10/2023



مامـۆستا ئەڵێ

نایێ .. نایێ
بە ئارەزووی من نیە .. نایێ
گەوارە .. و .. ڕەهێل ئەبن
من ئاگام .. لێ نیە ..
شەپۆلی ئەڤینی هەلئەقوڵێ
من ئاگام .. لێ نیە ..
ڕۆژێ مێشکم ڕوناك ئەبێ
من ئاگام .. نیە ..
چاوەڕوانی تیشکی .. چاوەکانم
بۆیە .. ئاگام لێ نیە



مامۆستا ئەڵێ

مەڕقەدی .. ئەڤینیی
لەناو .. ناخی زەوییە
ئەڤینیی .. زەوییە
زەوی .. زانی ئەڤینییە ..
لە مەڕقەدم .. بنیشن
دڵی ئەڤیینی ..

22/11/2023



مامـۆستا ئـەڵـێ

جەنگ
ئێستا نییە بارووت و جەنگ ..
تەکنەلۆژیای زانیین ..
خوڵقاندنی .. ئەڤین
بۆتە .. مەحەك ...

21/11/2023



مامـۆسـتـا ئـەڵـێ

هەستم .. بەندبوو
بە .. ڕۆحی ئەڤینی
بەندم .. بووە
سەربەستی بەختیاری

21/11/2023



مامـۆستا ئەڵێ

چەپکە سومبولی .. پڕ ئاو ..
تاجی پەلکە زەیتونی خاو ..
گوڵاڵە زەردی .. پڕ خوناو ..
هاتم .. بۆلاتان
بمکەنە .. ئەڤینی ..
دوو .. لاو !؟

9/11/2023



مامۆستا ئەڵێ

که عەشق نەبێ لە گۆڕێ
پێداویستیەکانی ژیان دێتە گۆڕێ

7/12/2019



بەشی یازدەم

زمان



مامـۆسـتـا ئـەڵێ

بە چ ... حەقێك
زمانی دایکت ... نەستەقینی
تۆ ئەڵێی .. نەستەق
دایکت ئەڵێ .. تێی ناگەم
نازانم لەکێ فێربوون زمان
لە دایکتان ... یان لە نەستەقتان
نەستەقکردنی ... زمان
بۆ کەس نیە ... ئێوە ئەڵێن نەستەق
من ئەلێم .. زمانی خۆتان بە ئەرك نازانن
ئەی لەسەر گۆی قورسینە
لەسەر دڵ بێ کەسینە
5_7_2010



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

مۆسیقای زمان .. نەزانینە
ناوتان پیشاندانی نەزانینتانە
ئەوان ئەزانن
ئێوە زمان ئەبەن بەرەو مردن
چ مێشك .. چ گوێ .. جێی زمان
لێتان تێ ناگات ..
ئەی هەڵگری نوسخەی تەنیایی
ژیان ... خۆشەویستی ... بۆ هەموومانە

5_7_2010



مامۆستا ئەڵێ


هەڵمەتی .. پێ ناساندنی
زمانی کوردی
دیجیتاڵ .. کۆد کردنی
ئامانجی زانکۆی .. جیهانە

21/3/2023



مامۆستا ئەڵێ

ئەتبینم .. بە زمانێکی
نیوە .. لاڵ
ئەتبینم .. بە چاوێکی
چارەکێك .. کاڵ
ئەتنۆشم .. بە زمانێکی
پڕ .. حاڵ
بۆیە .. ئەتبینم
لە مەحاڵ ..



23/8/2022

مامـۆستا ئەڵێ

زمانم .. لەدەم
بوو .. لاڵ
هەستم .. لە مێشکم
نوست لە ماڵ ...
ماندوو .. بوو لە بێ حاڵ ...؟!

21/11/2023



مامۆستا ئەڵێ

بەڵێنم داوە بە کوردستان
بە خوێن
بە ئاسمان
زمانم..ببڕم
عەشقم .. بمرم
دەریان ..دەبڕم
نەڵێم .. نەڵێم .. نەڵێم ؟!



13/12/2021

بەشی دوانزەم

چاو



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

چەندم .. پێ ووتی
چاو .. ئاسمان
با ڕەشماڵی هەوری چاو جوان
هەڵبەستین لە ناخمان
ببینە .. ئاوات

23/8/2022



مامـۆستا ئەڵێ

به‌ تەنیا بینینت ..
بەچاو .. نییە!
بینینت .. بە تەنیا
بەچاو .. نییە !

8/5/2021



مامـۆسـتـا ئـەڵـێ


چاوم .. زەرد
لێوم .. سەوز
گوێم .. سپی
لوتم .. سوور
ئایا .. ئەبینم .. بەڕاستی
ئەبینم ... بە سازشی
ئەخۆم ... بەخەستی
بۆن ئەکەم .. بە هەستی
یان هێزی هزری مێشکە
هەمووی پێکەوە .. ئەبیستی؟!



21/5/2021

مامـۆسـتـا ئـەڵـێ

چاوم .. لە ڕێی شەمەندەفەر درێژترە
لێوم .. لە سۆزی بیتهۆڤن بە سۆزترە
گوێم .. لە بەفروبای بە شەپۆڵ .. خێراترە
بەڵام .. ئێستا .. وانیە ..
چونکە .. لێرە نەهاتم .. بە کاری بێنم ..
پێداویستییەکانم .. ئەکڕم بە پارە ..
بۆیە لاوازە .. هەستەکانم ..
پارەش ... بوویتە
چاو .. لێو .. گوێ .. لوت ..
بەڵام .. وا .. نییە ؟!



21/5/2021

مامۆستا ئەڵێ

چاو .. گوێ .. لووت .. و .. لێو
چوار هەست و چوار سەد هەزار بەست
دەست .. یان.. بەست .. بە هەست..
هێزی هزری مێشکی لێ دەرچوو ..
بە مەبەست وە بەبێ .. مەبەست ..

21/5/2021



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

چاوی ... چاو باز
لێوی .. بەناز
لوتی .. باز
گوێی .. سەرباز ..
چوارچێوەی .. خۆشەویستی .. ساز

21/5/2021



مامۆستا ئەڵێ

چاوم ... ئەبینێ
لێوم خۆشەویستی .. ئەدوێنێ
لووتم بەهار ..ئەبزوێنێ
گوێم .. ناو ناوی ناخم ئەبیستێ..

21/5/2021



مامــۆستـا ئـەڵـێ

چاو .. لووت .. لێو .. گوێ
چوار هەستی دۆزراوەی .. نەدۆزراو ..
چوار ملیۆنی نەدۆزراو...
لە چوارچێوەی ..
بەبێ چوارچێوەی ناهەستیار ...

21/5/2021
هەولێر



مامـۆستا ئـەڵێ

چوار هەست
چوارسەد هەستی نەدۆزراوە
چوینە بەر دەرگای خوا ..
شەرمیان کرد .. لە بەکار نەهێنانی
هەستەکان
کە خودا .. پێیداوین



21/5/2021
هەولێر

مامـۆستا ئـەڵـێ

دەردی دەروون دەورەی داوە
بێ ئۆکسجینی خوێن ..
نایترۆجینی .. هەڵداوە
دامو دەزگای ...
دەروونی دەردی هەڵپچراوە
دایا .. دانا .. دارا
دەبوویە دانا .. سەردار بوونە ..

11/11/2021



مامۆستا ئەڵێ

لەیلا
لەیلای .. ئازا .. و .. ئازاد
خۆی بۆ عەشقی .. ڕواند
عەشقی بۆ ژیان .. چەسپاند
ئینجا .. بووە .. مەشخەڵ

30/8/2022



مامـۆستا ئەڵێ

چاوی .. چاوەکانم
چاوی لێ وون کردم
وونی چاوەکانم
چاوی چاوەکانی
دۆزییەوە

7/11/2021



مامۆستا ئەڵێ

چاوی ئەبینم ..
بینینی چاوی دۆزییەوە
دۆزینەوەی چاو
بە بینین .. نییە

7/11/2021



مامـۆستا ئەڵێ


چاوەکانی .. چاوم
تۆڕی بینینی کون کردیە
تۆڕی نەبینین
چاوەکانمی .. چاو .. کردیە

7/11/2021



مامۆستا ئەڵێ

چەندم .. پێ گووتی
چاوەکەم
چاوم .. بدۆزەوە
دۆزینەوەی ئارەزووەکەم
شەماڵی چاوم
ڕەشماڵی وون بوو
گەردەلوولی چاوت
ڕەشماڵی .. فراند



7/11/2021
هەولێر

مامۆستا ئەڵێ


چاوی دەروونم
دەربەدەری کردم
دەربەدەریم
چاوی ڕووناك کردووم
دەربەدەری دیتن
چاوی حەفتەمی بۆ کردووم

7/11/2021



مامۆستا ئەڵێ

له نینۆكی ئەنگوستم
چاو .. هەیه
له هەناسەی سیپەلکم
چاوی .. چاوان هەیه
من .. خۆم .. نابینم
چاوی .. تۆ .. ئەبینم
له ناو .. ناوی خۆم
دەبێ چاو چی بێ



7/11/2021

مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ


بژی چاوم .. لە ناو ژیانی چاوەکانم
بمری ژانم .. لە دەرەوەی ژانەکانم
ژانم .. چاوم .. ئەکاتەوە
منیش چاوم .. ئەدۆزمەوە

7/11/2021



مامـۆستـا ئـەڵـێ

پێم ئەڵێن ..بینایی لە کوێیە
پێیان ئەڵێم
حەڤدە چاو ..
لە حەڤدە چاڵ
چاویان چاڵ بووە
بۆ بینین ...
بینینی .. نە بیندراوی
بیندراو...



7/11/2021

مامۆستا ئەڵێ

چاوی پشت چاوەکانم
پشتیان لە پۆشینی پشت چاوم
لە بێ سنوریمە
هەتا .. چاوم دۆزییەوە
سنووری .. نەما
بزریش .. بزر بوو

7/11/2021



مامـۆستا ئـەڵێ


هزری .. هێزی چاو
لە دەروونی ئاسمان
بزر ... بوو
دەروونی ئاسمانی چاو
لە هزری هێز .. دۆزراوە

7/11/2021



مامۆستا ئەڵێ

چەند .. چاوم
هەیە ؟ نازانم
چاوی چاوم
چەندە ؟ نازانم
ئایا .. بەچی ئەزانم
چاوم هەیە
تەنیا .. بە دیتنە ..؟!
نازانم



7/11/2021

مامـۆستـا ئـەڵـێ

ئەڵێن ... چاو
ئاوێتەی تیشکە ؟
بەرماڵی بروسکە؟
دیتنی .. نەدیتیە
نازانم .. بروسکی .. تیشك
لە کوێ ئەتریشکێنێ
بۆ کوێ ئەبریسکێنێ ..؟!

7/11/2021



مامـۆستا ئەڵێ

چاوی ... ناو دڵ
ئەتۆرێتی لە گڵ
سۆزی پەلکی چڵ
ڕووناك ئەکا ... چاوی دڵ ..؟!

7/11/2021



مامـۆستا ئەڵێ

چاوی .. چاوەکانم
چاوی لێ وون کردم
وونی چاوەکانم
چاوی چاوەکانی
دۆزییەوە

7/11/2021



مامۆستا ئەڵێ


چاوی ئەبینم ..
بینینی چاوی دۆزییەوە
دۆزینەوەی چاو
بە بینین .. نییە

7/11/2021



مامۆستا ئەڵێ

چەندم .. پێ گووتی
چاوەکەم
چاوم .. بدۆزەوە
دۆزینەوەی ئارەزووەکەم
شەماڵی چاوم
ڕەشماڵی وون بوو
گەردەلوولی چاوت
ڕەشماڵی .. فراند



7/11/2021
هەولێر

مامۆستا ئەڵێ

فرمێسکم .. خنکا لە نێو چاوم
چاوم .. خنکا لە شەپۆلی فرمێسکم
چاوم .. سەرچاوەی فرمێسکم
بەند .. کرا .. لە ژانم ..

20/10/2022



مامۆستا ئەڵێ

ئاوەکانمان ..
فرمێسکی چاوەکانمان
مەرژێتە .. دەریا

20/5/2022



مامۆستا ئەڵێ

چەندین جار
چاو .. جوان
چاومی جادوو کردووە
نەمزانی .. چۆن
چاو جوان
چاومی بەنج .. و .. بەند کردووە .. !



28/9/2022
هەولێر

مامــۆستا ئەڵێ

چاو جوان
جوانی چاوی .. .لەبیر چوویەوە
گەردەلوولەی شەپۆلی پاسفیکی
بە چاوی .. بەند کردووە

4/10/2022



مامۆستا ئەڵێ

چاو .. جوان
قاوەی بەیانیمت سکون کردووە
شەپۆلی عەشقی مێشکمت .. سازان
کردووە

4/10/2022



مامۆستا ئەڵێ

چاو .. جوان
چاویان سەپانی زۆرە
بۆ سەپانی بۆرە
بۆ چاو .. گەردی جوان
سەپان زۆرە

4/10/2022



مـامـۆسـتـا ئـەڵـیٚ

چاو .. جوانیش
دەردی زۆرە
ئامانجی .. چاوی
تیشکی خۆرە
خۆر .. عەشقی
چاوی کۆرە ..

4/10/2022



مامـۆستا ئەڵێ

چاو .. جوان
مەولانەی بەندی کۆرە
شاندی .. شەوانی زۆرە
بەڵام .. بەندی کۆری بۆرە

4/10/2022



مامـۆسـتـا ئـەڵـێ

چاو .. جوان
ببە بەهار .. و .. زستانم
منیش ...
ئەبمە وەرزەکانی ساڵ بۆت

4/10/2022



بەشی سیانزەم و کۆتایی
هەڵبژادە



مامۆستا ئەڵێ

دەردەچم .. لە تەرازووی دار
دەچمە .. کارەساتی کار
دێتم .. دار
بۆ سووتانی بار
جێی بار .. بارە
جێی کار .. کارە
ئەوەی دیارە ..!
چوومە .. سەر وەیسی
پان .. و .. بەرینە .. چوونمان
لەسەر وەیس .. هاتنمان

15/1/2023

هەولێر



مامۆستا ئەڵێ

خەم خۆری .. خەرمان خۆر
خەون .. خێرا خوازی خۆر
خۆر .. خەرمانی خێر
خێر .. فەرمانی خۆر

18/1/2023



مامۆستا ئەڵێ


زندی .. بە .. زندی
چاوکراوە .. نەك برسی
خۆبەخش .. بەبێ ترسی
ناخ بەرز .. لە کورسی !

13/4/2023



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

له درندەكانی .. دەرەوە
دوور .. بوویت
هێمن .. هێور .. بوویت
بەڵام ..
گۆڕەكانمان ..
له تیری .. هار بوون
بۆ خواردنمان ..
یەكتر .. ئەخۆن




12/4/2023

مامۆستا ئەڵێ

وەرە .. کەی دێی وەرە
بە ئەوەی بڵێی .. وەرە
وەرە .. بمبە .. بۆ ناو
هەورەکان

15/3/2023



مامۆستا ئەڵێ

شەمسی .. شەوقی .. شەماڵ
ئەبنە شمشاڵ
شوێن .. شێوەکار
شەم .. شەمی شەوی شەوال
شەمسی .. شەوقی
جیهانی کرد .. ساماڵ



20/2/2023
هەولێر

مامـۆسـتا ئەڵێ

پەنجا ساڵ ..
جارێك دەكەین
بە .. پەنجا سات ..
دەیروخێنین

8/11/2023



مامۆستا ئەڵێ

پەنجا ساڵ جارێك
پنج دەدا
پێنج ..
پەنجا
هەلقەڵاندن
ڕوودەدا



8/11/2023

مامـۆستا ئەڵێ

سەفین .. ئاسمانی شین شینە
دار بەڕوی .. خورمای دینە
بەردی .. سەنگەری .. قینە

4/11/2023



مامۆستا ئەڵێ

سەری ساڵ .. ساڵ .. وماڵ
دەربەدەری حاڵ .. و .. بەبێ حاڵ
ساڵ .. بەساڵ
نەك .. خۆزگە .. بە پار

13/12/2023



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

بەردەوام بن ..
لە خۆبەخشین
خۆبەخشین .. پێتان
ئەبەخشێ ..


13/12/2023



مامـۆستا ئەڵێ

هەیف .. شەممە
شەمووەکانی پێنج شەممە
شەماڵی کردە .. شێرپەنجە
شێرپەنجەش ..
بە .. بێ پەنجە

13/12/2023



مامۆستا ئەڵێ

هەتا پەنجا ساڵ تەمەن
هەوڵ ئەدەین .. حەرفێك پێشی ناومان
هەتا .. شەست تەمەن
ناومان .. ناومان
پاشان .. کارمان
دوای .. سودمان
سودمان ..؟!

13/12/2023



مامـۆستا ئەڵێ

ئەوەی .. ڕۆیی ئەتوو خۆش
ئەوەی .. دێ بینۆشە نۆش

12/12/2023



مامۆستا ئەڵێ

له خانەقای دەروێشان
شۆربای مجاش
سەرخۆش ئەکا

1/12/2023



مامـۆستا ئەڵێ

دەم .. دەمی دەوام
راهێنانیان کردووە ..


28/11/2023



مـامــۆسـتـا ئـەڵـێ


داو .. بە داو .. داوی لەگەڵ..
سنور .. بەزێن ..
تەیر .. هەوا .. هەور
بۆی نیە .. سنوور ..
لەکێو .. هێنایان ..
خەتی .. سنوور ..

26/11/2023



مامـۆستا ئەڵێ

مەل .. مەودای مەردی
پەیوەندی پەیمانی بەردی
هێنا .. هەناسە
هەناسەی .. ساردبوو
ساردی .. گەرمی هەناسەی
دەگەیی پەیوەندی .. و پەیمانی
هەڵمی .. رۆژهەلات ..
سارد .. بوو ..



22/11/2023

مامـۆستا ئەڵێ

فەرزەندەی .. مەزەندە
چاوپۆشی .. ڕەزامەندە

26/11/2023



مامـۆستا ئەڵێ

هەنگوینی .. ترشاو ..
ژەهری .. برژاو ..
هەڤاڵی .. بێ ناو ..
هەنگوین مەکەنە ژەهر بۆ هەڤاڵ
لە داوی .. راو



21/11/2023

مامـۆستا ئەڵێ

پەری .. بە دوو .. سێ گوناه
پەرێشانە
شەیتان .. بە هەموو گوناه
خۆی پێ جوانە
پەریەکان .. لێی شەرمەزارن
شەیتان خۆی .. بەرپرسیارە

17/3/2023



مامۆستا ئەڵێ

چەتری .. نییە ئاسمان
ئاسمانی .. هەیە ئاسمان
بۆیە .. لێی دێ
باران .. خەرمان .. دەرمان

16/3/2023



مامـۆستا ئەڵێ

ڕێباز.. ڕێناز.. ڕێناس
ڕێگای .. ڕێی زانینێتی ..
ڕێبازی .. ڕێی بازنیف .. بازنەیەتی
ڕێنازی .. نازەنینێتی .. نازەنیەتی
ڕێناسی .. ڕێی ناسینێتی

11/5/2023



مامۆستا ئەڵێ

دەردی خۆت
لە خۆت دەرمەکە
دەردی دەرەوەت
لە خەڵك دەرمەکە

18/2/2023



مامۆستا ئەڵێ

بەختیاری ئەرکە
نەك .. ئاوات

1/1/2023



مامـۆستا ئەڵێ


سەرنج .. ئامانج
سەنگی بە .. بێ ئامانج
سەرنج .. کرایە کرمانج

29/1/2023



مامۆستا ئەڵێ

با .. بێتەوە .. ئیمڕۆ .. با بێتەوە
دوێنێ .. چوو .. لەگەڵ چووان نایەتەوە
سبەی .. کێ دەڵێ دێتەوە
با .. ئیمڕۆ .. هەموو تەمەن بێت ..
ئاسوودەیی .. بەختیاریی ئێستابێ ..
ئەومان لە دەستە ..
ئێستا .. خەستە ..
بیکەین .. مەستە ..



31/7/2023

مامـۆستا ئەڵێ

دەترسم شێت بم
بۆتان
لە ئەسراری
بێ تواناتان

25/9/2023



مامـۆستا ئەڵێ

ڕاست .. بڵێ
برۆ .. بۆ .. ناو
ڤۆلكان

27/8/2023



مامۆستا ئەڵێ

میللەت ئەڵێ ..
کاکە .. ئەمە .. ئی سەدینە ..
بە .. پەنجا .. ڕازینە ..
بە قڕارێ .. خەنینە


13/12/2023



مامـۆستا ئەڵێ

میللەت ئەبێژێ ..
ئاسمان .. خاك ..
ئاو .. هەوا ..
خودا .. دایتیە ئێوە ..
بۆ بەجێی دێڵن
بۆ ... ؟

13/12/2023



مامـۆستـا ئـەڵـێ

سێبەرەکەم .. سەبووریت برد .. .هاتی
بێ رۆیشتن .. هاتووی ؟
یان هاتووی .. بۆ ئەوەی بڕۆی ؟
بۆ .. هاتی .. هاتن بۆ هەیە . .
چوون .. بۆ چییە .. !؟

24/2/2023




مامـۆستا ئەڵێ

سێبەرەکەم .. سەبوریت نەکرد .. ڕۆیشتی
بە رۆیشتنت .. سەبوریت .. سڕ کرد
عەقڵمت مەند .. کرد
کردنت .. نەمر .. کرد .. !

24/5/2023

ئیستەنبۆل



مامـۆستا ئەڵێ

هۆشمەند .. .مەندی هۆش
هۆشی جۆش .. جۆشمەند
دەست بەند .. مێشك نۆش

21/3/2023



مامۆستا ئەڵێ

کاتێك ..
شتێك ئەکەی
شەرمی لێ مەکە
ئەگەر .. شەرمت کرد
مەیکە ..

7/11/2023



مامـۆستا ئەڵێ

کات .. بەتەنیا
سات .. سانیە نیە

6/11/2023



مامـۆستا ئەڵێ

کتێبی کات
کات .. نەیپێوی
ناتپێوێ ..

6/11/2023



مامـۆستا ئـەڵـێ


گەنج .. سەرنج
بەنج .. پێنج
گەنج بەنجی سەرنج
پێنج .. پەنجاو پێنج

29/1/2023



مامۆستا ئەڵێ

پادشا .. پادشا
بێ داد بووە
شاهانت .. شاهی
بێ شاە بووە
داد بپارێزە
شاهینشای پادشایان
شایەنتە ..



16/1/2023

مامۆستا ئەڵێ

ساڵ هات .. و .. نەهات
مانگی 12 بوو .. هەلات
نازانم چی هات
چی نەهات

13/12/2023



مامۆستا ئەڵێ

ساڵ هات .. ساڵ چوو
هات .. نەهات
نەهات .. هات
ساڵ هاتووچۆ .. نییە
سوڕانی ئێمەیە ..
خولانەوەی .. خولانەوە

12/12/2023



مامـۆستا ئەڵێ

بەرژەوەندی .. ژیان پێویستی پێ نییە
پێویستی ژیان .. دەسەڵات .. و ..
بەرژەوەندییە

3/6/2023



مامـۆستا ئەڵێ

هەستە ..
ببەستە
کەرستەی ..
بەخشینی وەستا ..
شاگرد .. خلفە
وەستا .. و .. پاش وەستا ..

17/2/2024



مامـۆستا ئەڵێ

جیاوازی یەك و دوو
ئایا دیارە
ئایا لە یارە
یان .. لە بێ .. پارە

17/2/2024



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

سەردار .. و .. بن دار
داریان .. بەینە
سەر .. و .. بن
بەینیان چییە ؟!!

2/2/2024



مامـۆستا ئەڵێ

مەڕۆ .. مەڕۆ
بەجێم .. بێڵی
بەبێ چی دەمێنی ..
جێو مەکانت .. فیردەوس بێ ..
وەرە .. وەرە
باوەشم . بەهەشتە
بۆ .. من .. و .. تۆ



20/1/2024

مامۆستا ئەڵێ


دەربەدەری .. نەخشەی نی یە
چی .. لە ناخ ..
چی .. لە باخ ..
چی .. لە .. نەبوونی نەخشە ..!

23/8/2022



مامۆستا ئەڵێ

لە پێشی .. پاشەوانم
شەمم .. شەم
دەمم .. دەم
دوانم .. کەم
هاتم .. چووم
بە بێ کەم ..



23/8/2022

مامۆستا ئەڵێ


سالی 2022
بەخێر بێ
چوار فەسڵ بێ
12 مانگ بێ
ساڵت ... ساڵ بێ

30/12/2021



مامـۆستا ئەڵێ


گەردەلوولە .. لوولەی با
بای دێ .. و دەبا
گەردەلوولە .. گەردەلوولەی ڕۆژ
زەمین دەسوڕێنێ و دەی با
ئێمەش .. گەردەلوولەین
ئەپچڕێنین ئەیسورێنین
ئێمەش لەشمان و مێشکمان
گەردەلوولەی سارد .. گەرمی تێدایە



3/10/2021

مامۆستا ئەڵێ

نان .. پیاز .. خورما
ژانی برسیم لا ئەدا لە چیا ..
چیا .. نانمە
پیاز .. ژانمە
خورما .. پێویستمە ..
هەرسێکیان .. مانمە ..



21/11/2023

مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

ناتوانم .. بڵێم
چی ئەتوانم .. چی ناتوانم
بەلام .. ئەزانم
چی ئەتوانم


7/2/2024



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

منو .. منەکان
منیان لە یادی من
دەرهێنا ..
بەرد .. و .. لۆلۆ
لە دەریا ... و ... چیا
دەرهێنا

7/2/2024



مامۆستا ئەڵێ


زەردە .. خەنەی لێوت
خەنی .. لێومە ..

17/2/2024



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

هەستە ..
ببەستە
کەرەستەی ..
بەخشینی وەستا ..
شاگرد .. خلفە
وەستا .. و .. پاش وەستا ..



17/2/2024

مامۆستا ئەڵێ

جیاوازی یەك و دوو
ئایا دیارە
ئایا لە یارە
یان .. لە بێ .. پارە

17/2/2024



مامۆستا ئەڵێ

سەردار .. و .. بن دار
داریان .. بەینە
سەر .. و .. بن
بەینیان چییە ؟!!

2/2/2024



مامۆستا ئەڵێ

له ئاستی مێشکم
پرسیار ... دەکەم
له بزربوونی .. رۆحم
وەڵام .. دەدەم
پرسیار .. و .. وەڵام
نادۆزێتەوە ... مێشکم



1/2/2024

مامۆستا ئەڵێ

ئەڵێن ... با وابڵێن
دەربەدەری نەناسینی
دوور دوور ئەکا ناسینی
عەشقی مەعشوقی ڕێگای ناسینی
بەهەشتی ... بەهەشتە

1/10/2019

هەولێر



مامـۆستا ئەڵێ

لە تۆ .. وایە
چەترەکەم دەکرێتەوە
لە ڕەهێڵ .. و .. ڕەشەبا
وە ناخم دەگرژێتەوە
بۆ .. چوونەی چۆن
دەنەوشێتەوە



3/9/2022

مامـۆستا ئەڵێ

خاوەن .. خەوم
خەوی .. خاوێن
خاوێتی خاوەنداریەتی
خەو ..

22/2/2022



مامــۆستا ئەڵێ

نیشان .. پەخشان
درەخشان .. نەخشان
پەخشی .. خۆشی


22/2/2022



مامـۆسـتا ئـەڵـێ

هەتا .. کەی
بابی باپیرت نەبڕایەوە
بڵێ نا
تۆش ..

11/1/2022



مامۆستا ئەڵێ

بوونی بیر .. و .. بڕوا
پێویستە
بۆ چاکسازی ژیان
مەبەستە

15/1/2022



مامـۆستا ئەڵێ

خەم .. خۆری
خەم مەبە
خەم پێ خۆری
پێ ناوێ

16/1/2022



مامـۆسـتا ئـەڵـێ

خەمی دەردی وون بوون
شمشاڵی شوانی پێناوێ
وون بوون لەناو خۆم
ئاوازی سروودی پێ ناوێ
وون بوونم .. دۆزییەوە
دۆزینەوەی پێ ناوێ



16/1/2022

ژیاننامە
د. نەوزاد یەحیا سعید خدر ئەلیاس محەمەد باجگر

1- لەرۆژی ٢٨ شوباتی ساڵی ١٩٤٨ی زاینی لە هەولێر لەدایکبووە.
2- باوکی یەحیا سەعید باجگرە و دایکی مەکییە ئەحمەد سەمەد سەعدوڵایە، سێ براو و چوار خوشکی هەیە.
3- قۆناغی خوێندنی سەرەتایی لەقوتابخانەی فەیسەڵییە و دواتر لە ئەربیل ئولا ئیبن خەلەکان بە زمانی کوردی تەواوکردووە، مامۆستایان ناسح داود لە (حیساب) بیرکاری و فوئاد موعەلیم لەوێنەکێشان یەکەمین مامۆستای ئە و قۆناغەی بوون.
4-قۆناغی ناوەندی لە دواناوەندی هەولێر خوێندووە و مامۆستا(مەکی) یەکەمین مامۆستایی خوێندنی ناوەندییەتی.
5- قۆناغی دواناوەندی، لە دواناوەندی هەولێر تەواوکردووە، مامۆستا خەلیل عەبدوڵلا یەکەمین مامۆستای ئەو قۆناغەی بوو.
6- لەپایزی ساڵی ١٩٦٧ لەکۆلێژی پزیشکی . زانکۆی موسڵ وەردەگیرێت.
7- ساڵی ١٩٧٤.١٩٧٣ خوێندنی زانکۆ تەواو دەکات و دەبێتە پزیشك.
8- ساڵی ١٩٧٥.١٩٧٤ دەبێتە پزیشکی نیشتەجێ و پاشان سەرۆکی پزیشکانی نیشتەجێ.
9- ئەندامی بەشداری یەکێتیی نووسەرانی کورد بووە لەبەغدا ساڵی ١٩٧١-١٩٧٠
10- لەساڵی ١٩٧٦-١٩٧٥ راژەی سەربازی ئیلزامی دەیگرێتەوە و لە شار و شارۆچکەکانی (زاخۆ،
هەولێر، رواندز) وەك پزیشکی سەربازی دەست بەکاردەکات.
11- ساڵی ١٩٧٧.١٩٧٦ وەك پزیشك لەگوندو ئاواییەکانی ناوچەی گەڵاڵە خۆشترین ساتەکانی ژیان بەسەردەبات.

12- وەك پزیشكی پسپۆری گشتیی لە مستەوسەفی سێتاقان لەهەولێر دادەمەزرێ.
13- دەبێتە پزیشكی ئێمرجنسی لەنەخۆشخانەی كۆماری لە هەولێر.
14- دەبێتە پزیشكی ڕاهێنەر لە نەشتەرگەری دڵ و سینگ و بۆڕییەكانی خوێن و پاشان نۆرینگەی تایبەتی ئێواران دەكاتەوە.
15- یەكەمین سەنتەری نەشتەرگەری دڵ و سینگ و بۆڕییەكانی خوێن لەكوردستان و لە هەولێر دادەمەزرێنێ، لەگەڵ د. ولیێد خالد لەنەخۆشخانەی هەولێر ساڵی ١٩٨٢.
16- لەوەزارەتی تەندروستییەوە دەگوازرێتەوە بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا . كۆلێژی پزیشكی زانكۆی سەلاحەدیین.
17- ڕاهێنانی نەشتەرگەری دڵ وسیینگ لە - مدینة الطب - لەبەغدا ئەنجام دەدات لەژێر سەرپەرشتی مامۆستا یوسف نعمان ساڵی ١٩٨٣ و لێكۆڵینەوە لە پسپۆری نەشتەرگەری دڵ و سینگ ساڵی ١٩٨٧.١٩٨٣ ، زانكۆی بەغدا – مدینة الطب، لە نهۆمی نۆیەم، دوو ساڵی لێكۆڵینەوەیی و ڕاهێنان لەوێ تەواو دەكات.
18- دوای تەواوكردنی خوێندنی باڵا لە - مدینة الطب، كۆلێژی پزیشكی زانكۆی بەغدا لەتشرینی یەكەم ساڵی ١٩٨٧ دبلۆمی باڵای نەشتەرگەری دل و سینگ و بۆڕییەكانی خوێن وەردەگرێت.
19- دەگەڕێتەوە شاری هەولێر وەك پزیشكی پسپۆری نەشتەرگەری دڵ وسینگ لە كۆلێزی پزیشكی زانكۆی سەلاحەددین دەست بە كاردەبێت.
20- وەك پزیشكی پسپۆر لە نەخۆشخانەی (ڕزگاری) لە هەولێر لە ساڵانی ١٩٨٧ -١٩٨٨ دەست بەكار دەبێت.

21- ساڵی ١٩٨٨. ١٩٩٦ دەگوازرێتەوە بۆ کۆلێژی پزیشکی زانکۆی موستەنسەرییە، نەخۆشخانەی یەرموك، عیادەی پزیشکی تایبەتی خۆی لە بەغدا شەقامی مشەجەر، باڵاخانەی باقر ئەلباقر دەکاتەوە.
22- ساڵی 1996 ئەچێ بۆ تورکیا و مێرسین.
23-پرۆسەی هونەری شێوەکاری لە خانوی تایبەتی. ژوری وێنەکێشانی خۆی لە کۆمەڵگای سولی لە لێواری دەریای ناوەڕاست دەسپێکردوە.
لەبواری هونەری تەشکیلی (٢٢٠) تابلۆی هونەری تەشکیلی کێشاوە.
لەبواری شعریشدا چەندین شیعری ئازادی کوردی و عەرەبی نووسیوە.
24- ساڵێ ٢٠٠٣ دەگەڕێتەوە زێدی باب و باپیران لە شاری هەولێر، چالاکییە خزمەتگوزاری و بازرگانی و زانین و زانستییەکانی پەرەپێدەدات، لە تەواوی شارەکانی کوردستان و عێراق دا چالاکانە خزمەتگوزارییە زانسستیی و بازرگانییەکانی گەشە دەکەن.
25- بەشداری دەکات لە پرۆسەی بوژاندنەوەی ئابوری و وەبەرهێنان لە کوردستان و عێراقدا.
26- چەندین کۆمپانییای جیهانی لە دوبەی، مێرسین، عێراق، سریلانکا و بەریتانیا دادەمەزرێنێ.
27- ساڵی ٢٠٠٧ زانکۆی جیهان. هەولێر دادەمەزرێنێ.
28- سالی ٢٠٠٩ بانکی جیهان بۆ وەبەرهێنان لە عێراق دادەمەزرێنی.
29- قوتابخانەی جیهان بۆ سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی دادەمەزرێنێ.
30- سەرۆکی ئەنجومەنی جیهان. بۆ ئاوەدانکردنەوەیە.
31- سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێری خێرخوازی حاجی یەحیایە.
32- دامەزرێنەری ئێزگەی رادیۆ و تەلەفزیۆنی جیهانە لە هەولێر لە ساڵی 2008
33- دامەزرێنەری یانەی وەرزشی جیهانە لەساڵی 2010 .
34- دامەزرێنەری زانکۆی (جیهان . سلێمانی)یە لە ساڵی 2011.
35- دامەزرێنەری زانکۆی (جیهان . دهۆك)ە لەساڵی 2013.

36- دامەزرێنەری مەڵبەندی راوێژکاری و توێژینەوەی زانستیی و یاسایی جینۆسایدە.
37- ئەندامی کۆمەڵەی جیهانییە بۆ نەشتەرگەری دڵ.
38- ئەندامی کۆمەڵەی ئاسیاییە بۆ نەشتەرگەریی دڵ.
39-ئەندامی ئەنجومەنی پزیشکان، رۆژنامەنووسان،ژووری بازرگانییە.
40- دامەزرێنەری کۆمەڵەی دۆستایەتیی گیانەوەرانە.
41- دامەزرێنەری کۆمەڵەی پاراستنی ژینگەیە.
42- لە دامەزرێنەرانی یەکێتیی وەبەرهێنەرانی کوردستانە.
43- خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری زانکۆی جیهانە.
44- سەرۆکی ئەنجومەنی ئەمینداریەتی زانکۆکانی جیهانە (هەولێر، سلێمانی، دهۆك) و پەیمانگاو قوتابخانەکانی جیهانە لە (هەولێر، سلێمانی، دهۆك) و هەروەها زانکۆی باباگورگور لە کەرکوك.
45-سەرۆکی ئەنجومەنی ئەمینداریەتی زانکۆی(ئەربیلی نێودەوڵەتی) یە.
46- دەمەزرێنەری (ئەکادیمیای جیهان)ە بۆ پەرەپێدان و فێرکردنی پیشەیی.
47- (کۆلێژی قەڵا بۆ دیراساتی ئاینی) لە ساڵی ٢٠١٨ دادەمەزرێنێت.
48- ئەندامی رێکخراوی ئاشتی جیهانییە، رۆژی (14/6/2016) دەبێتە باڵیۆزی ئاشتی جیهانی لە کۆنگرەی ئاشتی جیهانی کە لە تونس بەسترا.
49-تا ئێستا خاوەنی (52) کتێبی چاپکراوە، لەوانە :(ووشە دەچێنم، ازرع الكلمات، في الله،لیلی، زكاة العلم، الموت، پێشمەرگە،ئەتڵەسی کوردستان (چاپی دووەم)، شارو شارۆچکەکانی کوردستانی باشور لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا (18بەرگ)، الالبوم فن التشكيلي، زنجیرە پەرتوکی مامۆستا ئەڵێ(9بەرگ)، يقول المعلم(12بەرگ)، زنجیرە کتێبی هەولێر لە بەڵگەنامەکانی عێراقدا ....

50- چەندین کتێبی تازەی ئامادەیە بۆ چاپ ....
51-خاوەنی ئیمتیازی چەندین گۆڤارە لەوانە (کوردستان لە بەڵگەنامەکاندا.زمانەوانی.....)
52-دامەزرێنەری دەزگای زەکاتی زانستە.
53-دامەزرێنەری سەنتەری AI لە زانکۆکانی جیهان و زانکۆی باباگورگور زانکۆی ئەربیلی نێودەوڵەتی و کۆلێژی قەڵا و پەیمانگە و قوتابخانەکانی جیهان.
54- پرۆژە ئایندەییەکانی بریتین لەمانە:-
1 - دامەزراندنی تۆڕی زانکۆکانی نێودەوڵەتی International ((Network of Universities
بە مەبەستی بوژاندنەوە و پەرەپێدانی زانست و زانیاری لە نێو گەلاندا.
2 - کردنەوەی زانکۆ لەشارە گەورەکانی عێراق و کوردستان.
3 - خوێندنی مافی منداڵان و ئافرەتان لەقوتابخانەو زانکۆکاندا.
4 - بڵاوکردنەوەی پرۆژەی نا بۆ توندووتیژی خێزان، ئافرەتان، منداڵان.
5 - دامەزراندنی نەخۆشخانەی فێرکاری جیهان و پاشان کردنەوەی کۆلێژی پزیشکی و دەرمانسازی و پەرستیارییە.

بڕوام وایە (تەنیا چارە ... زانین و کارە)
"The only solution is education"

پزیشکی ڕاوێژکارییە، هونەرمەندی تەشکیلییە، شاعیرو بزنسمانە.